## بنەماکانی ڕەفتاری پاڵێوراو بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

بە مەبەستی پەسندکردن و متمانەدان بە پاڵێوراو بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، پێویستە لەسەریان کەرەزامەندی نیشان بدەن لە سەر پابەندبوون بە بنەماکانی ڕەفتار. هەروەها پێویستە لەسەر ئەو قەوارە سیاسیانە و سەرۆکەکانیان و بریکارانیان و ئەندامانیان و پاڵپشتیکارانیان کە بەشداری لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی پاڵێوراو بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، پابەندن بن بەم بنەمایانەوە:

**لەسەر پاڵێوراو بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و ئەو قەوارانەی پشتگیری دەکەن پێویستە کە :**

١. پابەند بێت بە هەموو یاساکانی (هەڵبژاردن و ڕاپرسییە گشتی و شارستانی و سزایی کە لە کوردستان و عێراق دا کاری پێدەکرێت) بە تایبەت:

- ئەو یاسایانەی کە لە کوردستانەوە دەرچوون.
- ڕێنماییەکانی پەیوەست بە گردبونەوە گشتیەکان.
- قەدەغەکردنی قسەکردن بەزمانی ڕق لێبوونەوە وترساندن و هاندان لەسەر توندو تیژی.
- قەدەغەکردنی سەپێنراو لە سەر پاڵپشتی کردنی تیرۆر و مومارەسەکردن و بە کارهێنانی.

٢. پابەند بوون بە هەموو ئەو پەیڕەو بەرنامەو ڕێوشوێنانەی کە لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیەوە دەرچووە.

٣. گەرەنتی پابەندبوونی پاڵێوراوە پێشنیار کراوەکان بە پێوەرە یاساییە پەیڕەوکراوەکان.

٤. هاوکاری کردن لە گەڵ بەرپرسانی هەڵبژاردن و گرتنە بەری هەموو هەنگاوێك کە بکرێ بۆ گرێنتی سەلامەت بوونیان لە توندو تیژی یان ریسواکردن یان مەترسیەکان یان هەڕەشەکردن لە ماوەی هەڵسانیان بە ئەرکەکانیان.

٥. پەسند کردنی ئەو بڕیارە کۆتاییانەی کە لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی یان دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکان دەردەچێت و جێ بەجێ کردنی ئەو بڕیارانە.

٦. پەسند کردن و پاڵپشتی کردنی هەر ئەنجامێك کە لەو هەڵبژاردنانە دەکەوێتەوە کە پەسند کراوە لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی یان لایەنی پەیوەندیدار بە پێ یاسا.

٧. ڕێزگرتنی ماف و ئازادی قەوارە سیاسیەکانی تر و پاڵێوراوانی تر بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، لە کێبرکێ کردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن و دەربڕینی بیروڕا و بەرنامەکانی بە ئاشکرا.

٨. بەڕێوەبردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن بە شێوەیەك کە بەشدار بێت لە بڵاوکردنەوەی کەشێکی تەواو و لەبار لە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردن.

٩. هاوکاریکردن لەگەڵ قەوارە سیاسیەکان و پاڵێوراوانی تر بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بۆ دوورکەوتنەوە لە بەستنی کۆبونەوە و چاوپێکەوتن یان هەر چالاکیەکی تر لە هەمان کات و شوێندا.

١٠. ڕێزگرتنی مافەکانی دەنگدەر و کەسانی تر لە تاکەکانی کۆمەڵگا.

١١. ڕێزگرتنی مافەکانی بەرپرسانی هەڵبژاردن و تاکەکانی هێزەکانی ئاسایش و ڕۆژنامە نووسان و چاودێرانی هەڵبژاردن و بریکارانی قەوارە سیاسیەکان و هاوکاریکردنیان.

١٢. گرتنە بەری هەر هەنگاوێك کە بکرێت بۆ گرێنتی سەلامەتی دەنگدەران و کەسانی تر لە تاکەکانی کۆمەڵگا دژی توند و تیژی و سوکایەتی کردن و مەترسیەکان و هەڕەشەلێکردن لە ماوەی بەشداری کردنیان لە پرۆسەی هەڵبژاردن.

١٣. ڕێزگرتنی کەسان و قەوارە سیاسیەکانی تر و موڵك و ماڵ و سامانیان.

١٤. هەوڵدان بۆ بەجێهێنانی ڕوونی (شفافیە) تەواو لە کارو بارەکانی دارایی و خەرجیەکان.

**لە سەر پاڵێوراو بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پێویستە خۆی دوور بگرێت لە:**

١. بڵاوکردنەوە و برەودان بە بانگەشەی درۆ یان ناوزڕاندن یان وروژاندنی ڕکابەرایەتی یان هەر بەشداربووێکی تر لە پرۆسەی هەڵبژاردن لە نێوانیشیاندا کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی.

٢. پێشکەش کردنی یاداشت نامەیەك کە بایەخی پێنادرێت، یان خراپ بە کارهێنانی مافی سکاڵا لەلای کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی.

٣. تێکدان یان قەدەغەکردنی چاوپێکەوتن یان کۆبونەوەکانی قەوارەی سیاسی یان پاڵێوراو بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

٤. دزینی کەلوپەلەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی قەوارەیەکی سیاسی تر یان پاڵێوراوێکی تر یان خراپکردنی و شێواندنی.

٥. بەکارهێنانی زمان یان وێنە یان هێمایەك کە هاندانی ڕق و کینە بخاتەوە بەرامبەر کەسانی تر یان لەوانەیە ببێتە هۆی هاندان یان وروژاندنی کردارێك لە کردارەکانی توندو تیژی.

٦. ڕێگە دان بە هەڵگرتن یان نیشاندانی چەك یان وێنەی چەك لە چاوپێکەتن و کۆبونەوەکاندا.

٧. لاسایی کردنەوەی ناوی قەوارەیەکی سیاسی تر یان دروشمەکەی یان کەل و پەلەکانی.

٨. بوونی هێزێکی چەکدار یان میلیشیا یان ئەوانەی بە پاشماوەکانی ڕژێمی پێشوو هەژمار دەکرێن یان پەیوەندیان پێیەوە هەیە .

٩. خەرجی بدرێت لە لایەن هەر هێزێکی چەکدار یان میلیشیا یان ئەوانەی بە ئەندامانی ڕژێمی پێشوو هەژمار دەکرێن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ .

١٠. ڕێگرتن یان هەوڵدان بۆ ڕێگرتن لە هەر بەرپرسێکی هەڵبژاردن یان تاکێك لە تاکەکانی هێزەکانی ئاسایش یان ڕۆژنامەوانان یان چاودێرانی هەڵبژاردن یان بریکاری قەوارەیەکی سیاسی لە هەستان بە ئەرکەکانی.

١١. هەڕەشەکردن یان چاوسوور کردنەوە یان ترساندنی هەر قەوارەیەکی سیاسی تر و سەرکردەکانی و ئەندامانی و پاڵپشتیکەرانی یان هەر دەنگدەرێکی تر یان هەر کەسێکی تر.

١٢. ڕێگرتن یان هەوڵدان بۆ ڕێگرتن لە هەر کەسێك لە پیادەکردنی مافەکانی، بە تایبەتی مافی ئەو کەسانەی لە هەڵبژاردندا بە گوێرەی ئارەزووی خۆی لە دەنگدانێکی نهێنیدا.

١٣. پەکخستنی پرۆسەی تۆمارکردنی دەنگدەران یان پرۆسەی دەنگدان یان پرۆسەی لەیەك جیاکردنەوەی دەنگەکان یان هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن.

١٤. بەڵێن دان بە پێدانی یان پێشکەش کردنی هەر بڕێك پارە یان خزمەتێك یان دیاریەك بە مەبەستی بە دەستهێنانی پاڵپشتی لە دەنگدەران (تەنها ئەگەر ئەو جۆرە بەڵێن دانە ڕاگەیاندنێکی ڕەوا بێت لەسەر پەیرەوی سیستمێکی گشتی یان بەڵێن دان بە کارێکی گشتی).

١٥. بڵاوکردنەوە یان دابەشکردنی ئەو کەلوپەل و بابەتانەی بەوە ناسراون کە هەڵەن بە مەبەستی هەڵخەڵەتاندی دەنگدەر.

١٦. خستنە ڕووی بڵاوکراوە یان پۆستەر یان دانانی ناو یان دروشم لەسەر موڵك و سامانی گشتی یان موڵك و سامانی تایبەتی بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی خاوەنەکانیان.

١٧. ساختەکردن یان هاندانی هەر کەسێك لە ڕاییکردنی ساختەکاری سەبارەت بە هەر پێکهێنەرێك لە پێکهێنەرەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن.

١٨. بەکارهێنانی پۆستەکانی هێز و پایەو دەستەڵات بۆ ئامانجی سیاسی.

١٩. بەکارهێنانی سەرچاوەی داهاتە گشتیەکان بۆ مەبەستی سیاسی.

لە بارێکدا کۆمیسیۆن بۆی دەرکەوت کە قەوارەیەکی سیاسی یان سەرۆکەکەی یان پاڵێوراوانی یان بریکارانی یان ئەندامانی یان پاڵپشتیکەرانی بنەماکانی ڕەفتاریان پێشێل کردووە ئەوا کۆمیسیۆن بۆی هەیە کە ڕێو شوێنی یاسایی بەرامبەری بگرێتەبەر.

واژۆی پاڵێوراو بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

گەواهی دەدەم بەو سیفەتەی کە پاڵێوراوو بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، کە بنەماکانی رەفتارم خوێندۆتەوە و تێیگەیشتووم، دووپاتی دەکەمەوە کە ئەو قەوارە سیاسیانەو پاڵپشتیکارانم بەو پەری چالاکیەوە هەڵدەستێ لە دژی هەر سەرپێچیەك بەرامبەر بە بنەماکانی رەفتار کە ئەنجامدرا بێت لە لایەن بەرپرسەکانی ئەم قەوارەیە یان پاڵپشتیکاران یان بریکارەکانی بە پێچەوانەوە هەموو رێو شوێنێکی یاسایی دەگرمە ئەستۆ.

واژوو:..............................................

ناوی چوارینەی پاڵێوراو بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان: ..............................................

بەروار: .........................................

ئه نجوومەنی کۆمسیاران
/٤/٢٠١٨